وەزیری دەرەوە:بەم نزیکانە وەزیری بەرگری ئیسپانیا سەردانی بەغدا بکات

فوئاد حسێن ، وەزیری دەرەوە ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕایگەیاند، بەم نزیکانە وەزیری بەرگریی ئیسپانیا سەردانی بەغدا دەکات، هاوکات خەزە مانوێل وەزیری دەرەوە و یەکێتی ئەورووپا و هاوکاریی ئیسپانیا دووپاتیکردەوە وەاتەکەی باوەڕی بە یەکگرتوویی و سەروەری عێراق هەیە.

فوئاد حوسێن وەزیری دەرەوە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: وەزیری دەرەوە ناوەرکی کۆبوونەوەکەی لەگەڵ خەزە مانوێل خستەڕوو و ڕایگەیاندلە کۆبوونەوەکەدا، ژمارەیەك پرسی گرنگمان تاوتوێ کرد لەوانە، کاراکردنی لیژنەی هاوبەشی ئابووری نێوان عێراق و ئیسپانیا .

فواد حوسێن ئاماژەی وت کە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئیسپانیا، بەردەوام بەرەو پێش دەچن و ، بەم نزیکانە وەزیری بەرگریی ئیسپانیا سەردانی عێراق دەکات.

فوئاد حوسێن باسی لەوەشکرد کە لەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا و هاریکاری ئیسپانیا، دەخی ئەمنی ناوچە و پێشهاتەکانی شەڕی غەزەیان تاوتوێ کردووە و جەختی کردەوە کە پێویستە کار بکرێت بۆ وەستاندنی شەڕەکە و گەیاندنی یارمەتییە مرۆییەکان بە غەزە.

وەزیری دەرەوە ئاشیگەیاند کە هێزی ئیسپانیای لەچوارچێوەی هاوپەیمانی نودەوڵەتی و نەردەی ناتۆ بۆ پاڕێستیکردنی عێراق لە شەڕی دژبە داعش بەرز دەنرخێنن.

لای خۆیەوە وەزیری کاروباری دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا و هاریکاری ئیسپانیا، خۆزێ مانوێل لە کۆنگرێسێژنامەوانییەکەدا ڕایگەیاند کە ئەوان باوەڕیان بە یەکپارچەی خاکی عێراق هەیە و دەیانەوێت پەرەی زیاتر بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق بدەن.

ناوبراو وتیشی: لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێراق سەقامگیری ناوچەکەیان تاوتوێ کردووە، هەروەها لەگەڵ عێراق هەوڵدەدەین چارەسەرێکی ئاشتیانە بە وەستاندنی شەڕی غەزێ بدۆزینەوە.